# کۆڕس بوکی خوێندنی باڵا

## بەش : ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی

## کۆلێژ : پەروەردە

## زانکۆ : سەڵاحەدین - هەولێر

## بابەت : شڵەژانەکانی دەروونی و شێوازەکانی چارەسەریان

## ئاستی خوێندن : ماستەر کۆڕسی دووەم

ناوی تەواوی مامۆستا و نازناوی زانستی: پ.د.مؤید إسماعیل جرجیس

## ساڵی ئەکادیمی خوێندن

## 2023/2024

# کۆرس بووک

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کۆرسی دووەمی ماستەر 2023 – 2024 |
| ٢. بەرپرسی بابەتەکە | پ.د. مؤيد إسماعيل جرجيس |
| ٣. بەش / کۆلێژ | بەشی ڕێنمایی پەروەردەیی ودەروونی / کۆلێژی پەروەردە |
| ٤. پەیوەندی :<br>ئیمەیڵی زانکۆیی فەرمی:<br>ژمارەی مۆبایل : | moaid.jarjis@su.edu.krd<br>00964 750 4524653 |
| ٥. کات (بە کاژێر)/ لە هەفتەیەک | 3 کاتژمێر لەهەر هەفتەیەکدا |
| ٦. کاتەکانی ئۆفیس | |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨.پڕۆفایلی ئەکادیمی مامۆستا | لە ساڵی 1980 وە من دەرچووی پەیمانگەی ناوەندی مامۆستایانی -هەولێرم ، دوازدە ساڵ مامۆستای قوتابخانەکانی سەرەتایی بووم لە دێ و لە شاردا . لە ساڵی 1996 بڕوانامەی ( بەکالۆریوس) م لە پەروەردەو دەروونزانی لەکۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی سەلاحەددین – هە ولێر وەرگرت . لەساڵی 1997 بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) م لە یاسا لەکۆلێژی مافی ئێواران لە زانکۆی سەلاحەددین –هە ولێر وەرگرت . لە 15/ 12/ 1996 بووم بە معيد لە بەشی پەروەردەو دەروونزانی . لە 3 /6 / 2002 بڕوانامەی ماستەرم لە پسپۆڕی ( تەندروستی دەروونی) لەکۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی سەلاحەددین –هە ولێر وەرگرت . وە لە 9 / 2002/6 نازناوی زانستیم وەرگرت و بووم بە مامۆستای یاریدەدەرو دەستم کرد بە وانە گۆتنەوە . لە 25 / 1 / 2006 وە نازناوی زانستی (مامۆستا) م وەرگرتووە . لە ساڵی 2007 بڕوانامەی دکتۆرام لە کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد) ی زانکۆی بەغدا لە پسپۆڕی گشتی (دەروونزانی پەروەردەیی) وە پسپۆری وورد ( کەسایەتی و تەندرووستی دەروونی) وەرگرتوە. لە 9 / 1 / 2011 وە نازناوی زانستی ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر) م وەرگرت . وە لە 1 / 11 / 2020 وە نازناوی زانستی ( پرۆفیسۆر) م وەرگرتووە . وانەم لە (8) کۆلێژی جیا جیا گۆتیتەوە لە ناو زانکۆی سەلاحەددین-هەولێرو زانکۆکانی تردا ، لەوانە وانەکانی ( بەکالۆریۆس ، دبلۆمی باڵا ، ماستەر ، دکتۆرا ) . چەندەها توێژینەوەم بڵاو کردۆتەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی . سەرپەرشتی چەندە ها توێژینەوەی (دەرچوون ،ماستەر،دکتۆرا)م کردووە، هە روەها وەک سەرۆک و ئەندام بەشداری گفتوگۆکانی توێژینەوەی دەرچوون ونامەی ماستەرو تێزی دکتۆرام کردووە لەزانکۆ جیاوازەکاندا. سێ ساڵ بەرپرسی یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی بووم . وە سێ سال وسێ مانگ سەرۆک بەشی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەکان بووم ، لەوماوەیەدا هەردوو بەشی (ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی ) و (پەروەردەی تایبەت) م کردەوە بەهاوکاری مامۆستایانی بەش و دڵنیایی جۆری وکۆلێژی پەروەردەو زانکۆی سەلاحەدین و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی . سوپاس بۆ خودای بەخشندە. |
| ٩. کیوۆردی (کلیلی) بابەتەکان | |

## ١٠. تێڕوانینێکی گشتی بۆ کۆرسەکە:

گرنگی خوێندنی کۆرسی دووەمی خوێندنی باڵا ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی 2023-2024 لەوەدایە کە بابەتێکی نوێ لە شڵەژانەکانی دەروونی دەخوێنین کە ئەویش ( شڵەژانەکانی دەروونی وشێوازەکانی چارەسەریان )ە .
تێگەیشتن لە چەمکی شڵەژانەکانی دەروونی ئاسۆی بیرکردنەوەی قوتابی فراوانتر دەکات بەرەو تێگەیشتنێکی قوڵتری دەبات لە شڵەژانەکانی دەروونی و چارەسەریان .
لە بیرو بۆچوونی زاناکان و مانوەڵی دەست نیشانکردن و ئامارکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان ئەم بابەتە بەهەردوو بواری شڵەژانەکان و شێوازی چارەسەر کردنەکان سەرچاوە دەگرێت .
تێگەیشتن لەبیرو بۆچوونی زانایانی ئەم بوارە بۆ ناوەرۆکی بابەتەکان ، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاری لە خودی مەعریفەی قوتابیدا ، ئەوەش باشترین ئامادەکردنی کەسایەتیە بۆ دابین کردنی هەڵی کار بۆیان ، چونکە تاکی کارامەو بەتوانا لە پیشەکەیدا بەرهەمی دروستی دەبێت لە کۆمەڵدا .

## ١١. ئامانجی کۆڕسەکە:

پێویستە لەسەر قوتابی لە کۆتایی کۆرسی دووەم لەڕێگای زانستی شڵەژانەکانی دەروونی و شێوازەکانی چارەسەریان ئەمانەی خوارەوە فێربێت :
چۆنیەتی پاراستنی هاوسەنگی دەروونی و دوورکەوتنەوە لەو هەڵسوکەوتانەی کە دروست نین وبەردەوام بوون لەسەریان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی شڵەژانەکانی دەروونی .
فێربوونی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی کە هاوسەنگیان تێك چووەو توشی یەکێ لە شڵەژانەکان بووینە . زانینی پێداویستیەکانی قۆناغەکەی و هۆکاری پەشێوییەکەی و نیشانەکان و کاریگەری بەسەر ژیان و چالاکی ڕۆژانەی و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و کاروپیشەکەیدا ،دواتر چۆنیەتی هەڵبژاردنی شێوازەکانی چارەسەر بۆ حاڵەتەکە .
هەروەها شارەزابوون لە چۆنیەتی خۆپاراستن لەناهاوسەنگی دەروونی بە گرتنەبەری تاک ئەو ڕێگا دروستەی کە بەهۆیەوە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیاندا بکات وهەست بە بەرپرسیارێتی بکات و خۆڕاگر بێت ، خۆی لەگەڵ خۆی و ژینگەو کۆمەڵدا بگونجێنێت .

## ١٢. ئەرکەکانی قوتابی:

لەبەر ئەوەی لە بەرنامەی پەروەردەو فێرکردندا قوتابی لایەنێکی سەرەکی پرۆسەکەیە ، بۆیە پێویستە قوتابی بەردەوام ئامادەی وانەکانی شڵەژانەکانی دەروونی وشێوازەکانی چارەسەریان بێت لەهەرهەفتەیەکدا ، تا بتوانێت لە بابەتەکانی تێبگات و کویزو تاقیکردنوەی میدتێرم بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات .
ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر شڵەژانەکانی دەروونی و شێوازەکانی چارەسەریان و پێشکەش کردنی.
ئامادەکردنی ئەو ئەرکەی کە کۆلێژ بەپێ ی پسپۆڕییەکەیان داوایان لێ دەکات .

## ١٣. فۆڕمەکانی فێرکردن:

لە بابەتەکانی شڵەژانەکانی دەروونی وشێوازەکانی چارەسەریان بەیەک شێوە بابەتەکان ناخرێنە ڕوو ، هەندێک بابەت پێویستی بە وانە ووتنەوە بە شێوەی موحازەرە هەیە ، ئینجا پرسیارکردن لەلایەن قوتابیەوە .
بابەتی تر پێویستی بە شێوازی گفتووگۆو شیکردنەوە هەیە .
جاری وا هەیە پێویست دەکات کە پرسیارێک ئاراستەی قوتابیان بکرێت و ئەوانیش سەرقالی بیرکردنەوەو وەڵام دانەوە بن .
ئەمە جگە لە بەکارهێنانی داتاشۆ و فیلم بۆ هەندێ بابەت و ڕوونکردنەوەش لەسەر تەختەی سپی .
پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی زانستی لەسەر بابەتەکە لەلایەن قوتابیانی خوێندنی باڵا ماستەر.

| |
|---|
| **١٤. پلانی هەڵسەنگاندن:**<br><br>جۆری هەڵسەنگاندنی قوتابی لەبابەتی شڵەژانەکانی دەروونی وشێوازەکانی چارەسەریان لەسەر ئەمانە دەبێت ( تاقیکردنەوەی مانگانە، کویزەکان، ڕاپۆرت نووسین وپریزەنتەیشن ، ئامادەنەبوونی قوتابی لەکاتی وانە ووتنەوەی هەفتانەدا. نمرەکان بەپێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا بۆ ماستەر دابەش دەکرێت . |
| **١٥. دەرەنجامی فێرکردنی قوتابی:**<br><br>قوتابی دوای کۆرسێك لە دەست کەوتی لە بابەتەکانی شڵەژانەکانی دەروونی وشێوازەکانی چارەسەریان ، ئەگەر قوتابیەکە وەک پێویست گرنگی پێدابیت :<br>ئەوە هەوڵ دەدات کە هاوسەنگی دەرونی خۆی بپارێزێت لە ڕووی جەستەیی ودەروونی و ژیریدا.<br>دەتوانێت باشتر بیر لە شارەزایی وتواناکانی خۆی بکاتەوە و سوود مەندانە بەکاری بهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی کۆمەڵ و وڵاتەکەی .<br>ئەگەر قوتابی وەک ڕێنمایکار کار بکات لە قوتابخانەکاندا یان لە ڕێکخراوەکاندا بۆ کاری چارەسەر کردنی کێشە و شڵەژانەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی قوتابیان و کەسانی دیکە ، دەتوانێت هاوبەش بێت لە گەشە پێدان و پەرەپێدانی کەسایەتیان لەڕووی بیرکردنەوەی ئەرێنی و هەست وسۆزی ئەرێنی و ڕەفتاری ئەرێنی دا و گەڕاندنەوەیان بۆ کارو ژیانی ئاسایی جارانیان . تا وای لێ بێت ژیرانە بیر بکاتەوە بۆ جوانتر دیتنی خۆی و باشتر تێگەیشتن لە خوی و دەورووبەرەکەی و لە ڕووداوەکان . واتە لێرەدا دەستی کار ئامادە دەکرێت بەپێی پێویستی کۆمەڵ. |
| **١٦. لیستی سەرچاوەکان :**<br><br>-الفسفوس , عدنان احمد (2006): اساليب تعديل السلوك /الدليل الارشادي لمواجهة السلوك العدواني لدى طلبة المدارس .<br><br>- أبو زعيزع ، عبدالله يوسف (2010). تطبيقات في العلاج النفسي " دليل معالج النفسي" ، ط1 ، دار جليس الزمان للنشر والتوزيع ، الأردن .<br><br>- نحوي ، عائشة عبدالعزيز (2016). مباديء العلاج النفسي وإتجاهاته ، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.<br><br>- القشاعلة ، بديع عبدالعزيز (2021). مختصر أساليب العلاج النفسي ، مركز السيكولوجي للنشر الأليكتروني.<br><br>- (APA) American psychiatric Association (2013).Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (5th , Ed.) DSM-5 , Washington D.C.<br><br>- Bandura, A, (1969).Principles Of Behavior Modification .New York: Holt Rin chart. And Winston. |

| | |
|---|---|
| **١٧.پرۆگرامی خوێندن:** | پ.د. مؤيد إسماعيل جرجيس |
| هەفتەی یەکەم : پێناسەی شڵەژانەکانی دەروونی<br>چەمکی کرداری چارەسەری دەروونی<br>جۆرەکانی کێشە دەرونیەکان ( هەڵچوونی ، ڕەفتاری ، پەروەردەوفێربوونی )<br>هۆکارەکانی شڵەژانەکانی دەروونی<br>دەست نیشانکردنی شڵەژانی دەروونی | |

| | |
|---|---|
| | |
| | هەفتەی دووەم : سکیزۆفرینیا<br>( نیشانە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکان ، هۆکاری توشبوون ، پۆلێنکردن ، نیشانەکان ، مەرجەکانی دەست نیشانکردن ، چارەسەرکردن ، ئایندەی نەخۆش) |
| | هەفتەی سێیەم : پەشێوی مەزاج<br>( هۆکار ، نیشانەکانی خەمۆکی ، نیشانەکانی شادیبوون ، پۆلێنکردن ، چارەسەر ، ئایندەی نەخۆش ) |
| | هەفتەی چوارەم : گرفتەکانی خەو<br>( بێخەوی ، وەستانی هەناسە لەکاتی خەودا ، ددان لێکخشاندن ، زۆر خەوی ، ڕۆیشتن بەدەم خەوەوە ، ئاخاوتن بەدەم خەوەوە ، خەوی زۆر ، نیشانەی بێ ئۆقرەیی لاقەکان ، مۆتەکەو خەوی ترسناک ، پرخە پرخ ، هەندێک ڕێنمایی بۆ خەوێکی دروست ) |
| | هەفتەی پێنجەم : تێکچوونی کەسێتی<br>( کلاستەری یەکەم و دووەمی پۆلێن کراو لەلایەن کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمەریکی ) |
| | هەفتەی شەشەم : تێکچوونی کەسێتی<br>( کلاستەری سێیەم پۆلێن کراو لەلایەن کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمەریکی ) |
| | هەفتەی حەوتەم: : پەشێویەکانی پاش منداڵ بوون<br>( دڵتەنگی پاش منداڵ بوون ، خەمۆکی پاش منداڵ بوون ، سایکۆسسی پاش منداڵ بوون ، دروست نەبوونی پەیوەندی پاش منداڵ بوون ) |
| | هەفتەی هەشتەم: تاقیکردنەوەی ناوەڕاستی وەرزی خوێندن |
| | هەفتەی نۆیەم : چارەسەر بە شیکردنەوەی دەروونی<br>چارەسەری زانەکی ڕەفتاری |
| | هەفتەی دەیەم : چارەسەری دەروونی بە چەند تەکنیکی جیاواز |
| | هەفتەی یانزەم : چارەسەری دەروونی هونەری ، مۆسیقی ، خۆخاوکردنەوە ، سایکۆدراما |
| | هەفتەی دوانزەم : چارەسەری دەروونی بەیاری<br>چارەسەری دەروونی بە کۆمەڵ<br>چارەسەری دەروونی بەهۆی ئاژەڵی ماڵی |

| | |
|---|---|
| | |
| | هەفتەی سیانزەم : چارەسەری دەروونی بەهۆی پرۆگرامی دەماری زمانەوانی<br>مادە هۆشبەرەکان ( هۆکار ، جۆرەکان ، زیانەکانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی .. ) |
| | هەفتەی چواردەم : نەخۆشیەکانی ئیفلیجی مێشک |

**١٨. ڕێکارەکانی نمرە دانان:**

تاقیکردنەوەی ناوەڕاستی وەرز = 20 ٪

ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشکەش کردنی = 10٪

کویز = 5٪

ئارتیکلی پێداچوونەوە = 15 ٪

هەمووی = 50 ٪

**١٩. نموونەی تاقیکردنەوەکان:**

لە نموونەی تاقیکردنەوەدا بەم شێوە دەبێت :

پێناسەکردنی زانستی چەمکەکان ( شڵەژانەکان ، دەروون ، شێوازەکانی چارەسەر ) و نموونە هێنانەوە لەسەریان .

خستنەڕوو وشیکردنەوەی شێوازەکانی چارەسەری دەروونی .

شیکردنەوەی شڵەژانەکانی دەروونی ( هۆکار ، نیشانەکان ، چارەسەر ..)
هەڵسەنگاندنی زانستیانەی کۆمەڵی کوردی ( واقیع و هۆکارو چارەسەر ) بە پێی بنەماکانی شڵەژانەکانی دەروونی .

وەرگێرانی دەقی زانستی بەزمانی ئینگلیزی لە بابەتی شڵەژانەکانی دەروونی و شێوازەکانی چارەسەریان .

هەروەها جۆری تریش لە هێنانەوەی پرسیاردا .

**٢٠. تێبینی زیادە:**

هەمیشە داوا لە قوتابیەکانم دەکەم کە جگە لە بابەتە زانستیە داواکراوەکە و خستنەڕووی بیروبۆچوونی خۆیان ، سوود لە سەرچاوەی تر وەرگرن بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی تری بابەتی ڕۆژانە و دەوڵەمەند کردنی بۆچوونەکانیان .

**٢١. پێداچوونەوەی هاوتا ***

**ئەم کۆرس بووکە لەسەر بنەمایەکی زانستی داڕێژڕاوە ، چونکە بابەتەکانی شڵەژانەکانی دەروونی و شێوازەکانی چارەسەریان واقعین و گەشە بەتوانا شاراوەکانی تاک دەدەن . وە نەرم ونیان داڕێژراون دەتوانرێت گەشەی پێ بدرێت .**

پێویستە ڕێگەپێدانی لیژنەی زانستی و خوێندنی باڵای هەبێت*